# هەزار بەران لە ئاسمانەوە هاتن



بەرانە کێویەکی بچووك هەبوو وای دەزانی لە ئاژەڵەکانی دی جیاوازە، هەمیشە خۆیدەنواندو پێوابوو دەبێ قسە هەر قسەی خۆی بێت.

رۆژێکیان بەرانە بچکۆل لەگەڵ بێچووە رێوی توکن و بێچووە کەروێشکی خرپن پێکەوەبوون. خرپن قوونە قوونی دەکردو توکنیش تەقلەی لێدەدا. ئەوان دڵخۆش بوون کە پێکەوەن، بەڵام بەرانە بچکۆل سەری رادەوەشاندو دەیوت: ئێوە زۆر هاروهاجن، لەوانەیە پەنجەکانتان یان ملتان بشکێت.





توکن و خرپن هێندەیان یاریکرد تا ماندووبوون، پاشان لەسەر سەوزە گیاکە لێی راکشان.

خرپن هاواریکرد: سەیرکەن، کەروێشکێکی سپی قەڵەو لە ئاسمانە! توکن بە خۆشییەوە وتی: ئەوەتا بەچکە رێوییەکیشی لێیە! بەرانە بچکۆل وتی: ئەوانە تەنها هەوری بچوکن، کە باران لەگەڵ خۆیان دێنن. لە ناکاو باران دایکرد. بۆنی گوڵەکان و گژوگیاکان هەموو شوێنێکی پڕکرد.